## بۆ كوردستان نێتی ئازیز

### سڵاوێكی گەرم و دەستگوشینێكی توند

ئێستا وای لێهاتووە، رۆژانە  سەیری كوردستان نێت دەكەم، بە شێوەیەك ئەگەر بۆم نەرەخسابێت رۆژێك سەیری بكەم ، ئەوا ناچاردەبم رۆژی دواتر دەگەڕێمەوە سەری ، داخۆ چی تێدا بلاوكراوەتەوە.
ئەمە لە كاتێكدا بۆ  زۆر رۆژنامە كە لە كوردستان دەردەچن ، وا نیم .
كوردستان نێت توانی بیری خوێنەرو نووسەران فراوان بكات، لە سەردەمێكدا كە ئەو دەیوت **نا** ، ئەو **نا**  یە زۆر پڕ مەترسیو دژوار بوو، رۆڵێكی زۆری بینی لەئازادی را دەربڕین، نابێت لە بیرمان بچێت كە  كوردستان نێت تاكە مینبەر بوو تێیدا دەنگی لێ هەڵدەبڕا ، تاكە رۆژنامە بوو دەرگای بۆ نووسەری بوێر دەكردەوە، ئازاری بەرپرسانی  گەندەڵ و كۆنە بەعسی دەدا.
 لە كاتێكدا كەس لەو ولاتە نەیدەوێرا بلێ لەل، كوردستان نێت  دەنگی نارەزایی بەرز دەكردەوە.
هیوای سەركەوتن بۆ كوردستان نێت دەخوازم و ، دەستی برای بەرێزو خۆشەویستیشم كاك **عومەر فارس** دەگوشم كە بەبێ هیچ بەرامبەرێك (٨) ساڵە دەیەوێت رای ئازاد دروست بكات ، دەیەوێت زەمینە بۆ  قەڵەمی بوێر برەخسێنێ، دەیەوێت ئیتر خەڵك لە بەرامبەر كاری قێزەون  كەروڵاڵ نەبێت.
لەوانەش **سەرفرازتر ئەوەیە كاك عومەر فارس مساومە لەگەڵ خەڵكی كۆنە بەعسیو جاش ناكات** ، ئەمەیان خۆی لە خۆیدا دەستكەوتێكەو پێویستە هەموو لابەك هەوڵبدەین، كە هاوكاری نە كردنی كۆنە بەعسیوكۆنە جاش ببێتە نەریتێك ببێتە ئیلتیزامێكی ئەخلاقی ،بەسەر هەموو كوردێكەوە، جا لەهەر كوێیەكی ئەم دونیایە بێت .

**فوئاد سدیق**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com